بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە نەریتێکی کۆنە پەرستانەی جیهانگیری

ئا/هەڵاڵە محەمەد.....

"ئازارەکان کۆتایی نایەن، هەموو ساتەکانمان دەبێت خزمەتکاریان بین، پێویستە کاربکەین، بەڵام لەشوێنی زۆر خراپو نزم.. ماڵی لەشفرۆشان... هەندێ جار بەشداری جەنگە ترسناکەکانمان پێ دەکەن، یان کاری زۆر ناشایستە بە مرۆڤایەتی.... نایەڵن بە ئاسودەیی سەربخەینە سەرسەرین!!! خواردنمان پێنادەن مەگەر بەرماوەی خۆیانو سەگەکانیان... کاتێک توشی نەخۆشی دەبین بەرەڵڵا دەکرێنو جادەش نامانگرێتە خۆ، ئەوکات منداڵەکانمان هەمان هەنگاوی ئێمە دووبارەدەکەنەوە... بازرگانی بە هەموو کاتو هەستو نەسستێکیانەوە دەکرێت".

ئەمە حاڵی (٢٧) ملیۆن مرۆڤە لەسەر ڕووی زەویدا، کە٨٠٪ یان ژنو منداڵن لەژێر چەترێک کە پێی دەڵێن بازرگانی کردن بەمرۆڤ...

ئەمڕۆبازرگانی کردن بە مرۆڤەوە بۆتە دیاردەیەکی جیهانی، کەلەڕێگەی فڕاندنو کڕینوترسو تۆقاندنو چاوبەستکردنی بەرامبەرو زۆرداری دروستبووەوە، گەورەترین بازرگانی بێ شەرمیەتەلە جیهاندا، بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ilo) لە ڕاپۆرتێکیدا کەباس لە قازانجی ئیستیغلالکردنی ژنانو منداڵان لە ڕووی سێکسیەوە دەکات، سالانە ٢٨ملیار دۆلارە، هەروەک قازانجی کارکردنی زۆرەملێی بە ٣٢ملیار دۆلار لە ساڵێکدا دادەنێت.

ڕێکخراوەکە دووپاتی کردەوە ٩٨٪ی قوربانیەکان بەگەڕخراوی بازرگانی یە بەسێکس (ژنانو منداڵان)، کەنزیکەی ٣ملیۆن مرۆڤ ساڵانە لە جیهاندا ئەم کارەیان پێ دەکەن، لەناویاندا ١/٢ ملیۆنی منداڵە، ٤٥تا ٥٠ هەزار لە قوربانیەکان دەبرێنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەی زۆربەی قوربانیانی، لەلایەنی مرۆییەوە تێک دەشکێن لەدوای دەسبەسەرا گرتنیان، مەخابن زۆرێک لەوان خۆیان گەردنکەچ دەبن بۆئەم کارە لەترسی هەژاریو داماویو گەڕان بەدوای کارداو، بەڵام پەیمانی دروێان پێ دەدەن ودەستیان دەبڕن!؟

ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دوپاتی دەکاتەوە کەساڵانە سەدان ژن دەفرێنرێنو دەبرێنە ئیسرائیل بەمەبەستی گەرمکردنی بازرگانی سێکسی لەوالاتەدا، کۆمپانیای بەرهەم هێنانو پڕۆژەکانی بازرگانی لە ئیسرائیلدا، بازرگانی بەکرێکارە بیانیەکان دەکەنو بەزۆروبەشێوەکی جەرگ بڕ، وەک بەندە کارو مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن.

ئەم دیاردە ناپەسەندە وڵاتانی عەرەبیشی گرتۆتەوە، هەستی کۆمەڵگە بەشێوەکی کەم کەباس ناکرێت جوڵاندوە.. بەڵام زۆربەی وڵاتانی عەرەبی کاریان بۆ ڕووبەڕووبونەوەلەناوبردنی دیاردەکە نەکردووە!

ڕاپۆرتی ساڵانە کەلە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەم بارەیەوە بڵاوی دەکاتەوە خۆی لە خۆیدا رێگایەکی باوەڕ پێکراوە کە پێویستە هەوڵی نەهێشتنی بدرێت!

ڕاپۆرتێکی ئەمەریکی کەلە ساڵی ٢٠٠٦دا دەرچووە دەربارەی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە، ئاماژەدەکات بە بوونی ئەم دیاردە ناسۆرەلە ١٣٩وڵات لەناویاندا (١٧)وڵاتی عەرەبی باسکراوە.؟! کەهەریەک لە (جەزائیر، بەحرەین، میسر، لیبیا، موریتانیا، مەغریب، ئوردن، کوەیت، لوبنان، عەممان، قەتەر، سعودیە، سودان، ئیمارات، یەمەن، تونس، سوریا)، بەڵام زۆرجێگەی سەرسوڕمانە کەڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە عێراق نەداوە، لەگەڵ نەشونماکردنی ئەم دیاردەیە دوای هاتنی داگیرکاری ئەمەریکی بۆسەر خاکی عێراق، ڕێکخراوی ئازادی ژنانی عێراق، لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی کردووە بە ڕفاندنی زیاتر لە١٠٠٠ئافرەت لەماوەی ٣ساڵی ئەو داگیرکارییەدا، بەمەبەستی وەرگرتنی (فدیە) لەکەسو کاریان یا بازرگانی کردن پێیانەوە، یەکێک لەسەرکردەکانی پۆلیسی عێراقی بەندکراوە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە بۆ گۆڤاری (نیوز ویک) ی ئەمریکی لێدوانی داوە کە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق زۆریان لێکردووە بەڕێگەدان بە ئازادکردنی ژنانی لەش فرۆشو زانیو گوادەکان لەشاری بەغدادا؟!.

گۆڤارەکە لەزاری ئەوبەرپرسەی پۆلیسەوە دووپاتی کردەوە کەشوێنو جێگەی لەش فرۆشەکان بڵاوەوە ناسراون، هێزە ئەمریکیەکان ئەیان پارێزنو دایاندەپۆشن، کردویانە بەبازرگانیەکی بە قازانجی ڕەواجدار.

ئەوکاتە ئیدارەی جۆرج بۆش هەستاوە بەدروستکردنی کۆمپانیاکانی تایبەت بەبازرگانی کردن بەجنسەوە لەناو عێراقدا.... بەڵگەش بۆ ئەم کارەی کەپنتاگۆن پێی هەستابۆ بەڕێوەبردنی بەندیخانەو ڕاهێنانی کادری ئەمنی عێراقی کەبەڕێوەبەری دەستبەڕاگرتنی لەلایەن کۆمپانیای (دینکورب) ی ئەمریکی یەوە، ئەم کۆمپانیایە پێشتر تێوەگلابوو بەبازرگانی کردن بەبەندەو فرۆشتنیان بە هێزەکانی پاراستنی ئاسایشو ئاشتی لە بۆسنە!! لەگەڵ نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر ئەوپڕو پاگەندانەی کەڕووبەرووی ئەمریکا دەکرێتەوە، بەڵام گەر سەیر بکەین بەهەزاران قوربانی سالانە دەگوێزرێنەوەبۆ ویلایەتەیەکگرتووەکان، لەگەڵ ئەوەدا ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکی دانیپیاناوە کە٤٥ بۆ ٥٠ هەزار لەو قوربانیانە سالانە ڕوانەی ئەمەریکا دەکرێن. (cia)

لەگەڵ بوونی ئەم دیاردە ناشارستانیەدا، حوکمەتەکان دابەش دەبن بەسەر ٣جۆردا لەمامەڵەکردن بەبازرگانی کردن بەمرۆڤەوە:

-حوکمەتی دووڵایەنە ....هەندێ لەوڵاتان ئیدانەی ئەم دیاردەیە دەکەن لەگەڵ بڵاوبونەوەی بە وڵاتەکانیاندا، وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا... کەڕوبەڕوی ڕەخنەی زۆر بونەتەوە بەهۆی خۆ بواردن لە دژایەتی کردنی ئەم بازرگانیە!؟

-حکوماتی نێگەتیف... وەک زۆربەی وڵاتانی عەرەبی کەهیچ نااڵێن دەربارەی قەزیەکەو بەخەیاڵیاندا نایەت!!

-حکوماتێک ڕێوشوێنی تەواویان گرتۆتەبەر بۆ کۆتایی پێهێنانی دیاردەکە، وەک یابان کەیاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤی هەموارکردوە،ئەوەش لە وەڵامدانەوەی هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی...

نەمانو فشەڵبوونی یاساکان فاکتەرێی سەرەکیە بۆ بەردەوام بونی ناسۆرییەکە، چونکە بەرزترین زیندانی ئەوکەسەی بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکات (٢٠) ساڵە کەزۆر کەمە... زانراویشە زۆر جار کۆتایی بە حوکمەکەی دەهێنرێتو ئازاد دەکرێت، لەساڵی ٢٠٠٤دا ٧هەزار کەس بەتۆمەتی بازرگانی کردن بەمرۆڤەوە ڕوو بەڕووی دادگاکرانەوە، لەو ژمارەیە ٣هەزاریان ئیدانەکراو زۆرێکیش لەوانە کۆتاییان پێهێنرا بە سزادانی قوربانیەکان، بەناوی ئەوانە بێگانەو خەڵکی وڵات نین! وەک ئەوەی کەلەیابان پێش هەموارکردنی یاساکە ڕوویداوە.

پارێزگاری نێودەوڵەتی بۆ بازرگانی کردن بە جنسەوە.. بەدڵنیاییەوە حاڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان باشترنیە لە زۆربەی وڵاتان لەگەڵ بوونی مادەی ژمارە (٤) لە جارنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بەقەدەغەکردنی هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتیو بەبەندکردن دەکاتەوە، وەبازرگانی کردن بە کۆیلەوە بە هەمو جۆرەکانیەوە قەدەغەو ڕەت دەکاتەوە، ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەروەک پیشەی هەمیشەیی کۆتا بووە لەمەڕ ئەم مەسەلەیە.

ڕێنمونی کژمەڵگە:

ئەو هیوایەی کەماوە تەنها هەوڵو کۆششی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە بۆ کۆتایی هاتن بەم مەئساتە جەرگبڕە!! ڕێکخراوە نێو خۆیەکانیش لە سێ بواری سەرەکیدا مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا دەکەن .

یەکەم:چاوڕۆشنیو ئاگادارکردنی ڕای گشتی دەربارەی دیاردەکە.

دووەمو سێهەم: داواکردنی هەموارکردنی یاساکەو یارمەتیدانی قوربانیان.

دیارە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو بەجیهانیکردنی دونیا، بەلام لەچەمکە خراپو ڕزیوو بەسەرچووەکاندا بۆدواوە دەگەڕێنەوە، مرۆڤایەتی بەرەو کارەساتی تیاچون دەبەن!! چوارەم سەدە بەرلەئێستا لەجارنامەی گەردونی خوایی بۆمرۆڤەکان (قورئانی پیرۆز) چەندان بەندو دەیان ماددەی بۆ کۆتایی هاتن بەکۆیلایەتیو بەندایەتی ڕاگەیاندو دابەزیو هەنگاو هەنگاو کۆتایی بەم دیاردە هێنرا، شیعاری (ان اکرمکم عند الله اتقاکم) (لافضل لعربی علی أعجمی الابالتقوی) بووەسەرەتاو کۆتایی.

بۆئەوەی جارێکی تر کۆتایی بەم دیاردە نەگریسە بهێنین، پێویستی بەگەرانەوەیە بۆڕۆحی بەرزی ئیسلام (متی استعبتم الناس وقد ولدتهم امهاتهم احرارا) .

سود لەسایتی (اسلام اون لاین) وەرگیراوە

هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی

مودریک عەلی عارف.....

مەسەلە و پرسی دەعوەو بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام و جوهدو خەبات لە پێناوی دەستخستنی ڕەزامەندی خوادا، کەلە ڕاستیدا کارکردنە بۆ خودی مرۆڤ خۆی، چونکە دواجار هەمووی لەبەرژەوەندی خودی مرۆڤەکە خۆیدایەو بەئەنجامدان یاخود ئەنجامنەدان و کەمتەرخەمی کردن تێیدا هیچ سودو زیانێک بەخوا ناگەیەنێت، بابەت و پرس ئەرکێکە پێویستە ماندوو نەبین لێی، چ لە باسکردن و دووبارەکردنەوەی، چ لە ئەنجامدانی ئەرکەکە، تائەو ڕادەیەی کە: "دەعوەو کارکردن بۆ ئایینی ئیسلام و گەیاندنی پەیامی خواو هیدایەت و ڕێنومایی کردنی مرۆڤەکان دەبێ ببێتە مەلەکەو خوو تیاماندا، لە دڵ و دەروونماندا جێگیر ببێت، لە بیرو زەینماندا بچەسپێ و جێ بگرێ، لە سلوک و مامەڵە و هەڵسوکەوتماندا ڕەنگ بداتەوە".

پێویستە هەمیشەو بەردەوام "هەستی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی" لە ژیان و هەڵسوکەوتماندا ڕەنگ بداتەوەو لە ناخ و دڵ و دەروونماندا زیندوو بێت و لە هەوڵی گەشەپێدانیدا بین.

هەروەک پێویستە پرس و مەسەلەی دەعوەو بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلامیش، لە پێشینەترین و گرنگترین و گەرمترین باس و بابەت و خەم و هەممەکانمان بێت.

دەعوەو بانگەوازو کارکردن بۆ دین لەبەر خاتری ڕازیکردنی خوا، نەک تەنها واجب و ئەرکێکی فەردی و تاکە کەسییە، بەڵکو ئەرکێکی جەماعییە، واتە ئەگەر ئێمە جەماعەو دەستەو گروپێکیش نەبێ کە کاری دەعوەو بانگەوازی تێدا ئەنجام بدەین، ئەوا وەک فەرزێکی عەینی پێویستە لەسەرمان دروستی بکەین، خۆ ئەگەر مومکین نەبوو یان لە شوێنێکدا بووین کەسی دیکەی لێ نەبوو کە ئامادەیی بانگەواز و دەعوەکردنی هەبێ، ئەوا پێویستە خۆمان بەتەنها ببینە گروپ و حیزب و جەماعەیەک و وەک حەزرەتی ئیبراهیم - سەلامی خوای لێبێت - ببینە "امە"یک و دەعوە و بانگەواز بکەین، (ان ابراهیم کان امة قانتا).

دەعوەو بانگەوازو کارکردن لەگروپ و جەمع و حیزبێکدا، بەمانای دۆزینەوەو بەگەڕخستن و پەرەپێدانی ووزەو بەهرەو توانا پەرتەوازەو پەرش و بلاوەکانە بۆ خزمەتکردنی زیاتر و باشتری دین و ژین و ئایینی ئیسلام و خەڵک.

بۆچی دەبێ دەعوەو کار بکەین بۆ ئیسلام؟

خوای گەورە دەفەرموێ: (ومن احسن قولا ممن دعا الی الله وعمل صالحا وقال اننی من سلمین)

کەوابوو باشترین و جوانترین کار بەلای خواوە دەعوەکردن و بانگەوازە بۆ لای پەیامی خواو شتێک کەبە لای ئەوەوە چاک و جوان و پەسەندە، کارێکی ئێجگار گەورەیە، مادام کە دەعوەکردن گەورەو جوانترین و باشترین کار بێت، کەوابوو پێویستە ئەو کەسانەش کەبەو کارە هەڵدەسن باشترین و جوانترین کەس بن لە گوفتار و ڕەفتاردا.

لێرەدا با بەکەمێک تێڕامانەوە سەرنجێکی ئایەتەکە بدەین بزانین چی تێدایە و چیمان پێ دەڵێت:

١- دەفەرموێ: (دعا الی الله) دەعوەو بانگەواز بکات، بۆ کێ؟ بۆلای خوا؟ نەک بۆ کەس و شتێکی دیکە، بەلام ئایا بانگەوازو دەعوەکردنەکە تەنها بە زمان و بە وتن بەسە؟ نەخێر.

٢- بۆیە بە شوێنیدا دەفەرموێ: (وعمل صالحا) کردەوەی چاکە بکات، ئەبێ کارو ڕەفتاری کەسی پەیامدار و بانگخواز جێبەجێکارو نیشاندەری قسەو گوفتاری بێ.

٣- هەر ئەوەندەش بەس نییە کە دەعوە بکات و کاری چاکە ئەنجام بدات، بەڵکو دەبێ شانازی بەوەشەوە بکات کە دینداریو پەیامدارە و دەعوەو بانگەواز دەکات بۆ لای خوا، بۆیە دەبێ بڵێ: (وقال اننی من سلمین) واتە ئازاو دلێرو بوێر بێت لە دەعوەکردن و دەربڕینی دینداریدا و شەرم نەکات لەوەی خەڵک پێی بزانن کە دیندار و خاوەن پەیامە و بڵێت من موسڵمان و باوەڕدارم.

پاش ئەم پێشەکییە، ئێستە بە کورتی و لە چەند خاڵێکدا وەلامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە کە: بۆچی دەبێ دەعوە و کار بکەین بۆ ئیسلام؟

١- لەبەر ئەوەی کە دەعوەو بانگەوازو کارکردن بۆ دین، هاوڕێ و لازیمەی ئینتیمایە بۆ دین، واتە تۆ کە ئینتیماو باوەڕت هەبوو بۆ دین و ئایینێک دەبێ کارو بانگەوازی بۆ بکەیت.

٢- دەعوەو کارکردن بۆ دین ئەرکێکە بۆ درێژایی تەمەن، نەک قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمەن، گەنجی...پیری..

٣- دەعوەو کارکردن بۆ دین، وەقف و تایبەت نییە بە دەستە و گروپێکەوە و "فەرزی کیفایە" نییە، بەڵکو "فەرزی عەینە"و ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکە.

٤- دەعوەو کارکردن بۆ ئیسلام، لە چەندین بوارو ڕەهەندی جیاوازدایە، پێویستە هەرکەسەو - لانی کەم - لە لایەن و بوارێکدا کارو خزمەت و دەعوە بکات.

داعی و بانگخواز دەبێ هەمیشە لە کاتی دەعوەکردندا بە شێوەیەک خەڵکی دڵخۆش بکات کە بە پەڕۆشەوە گوێ لە قسە و وتارەکانی بگرن، بە گوفتار و ڕەفتاری جوان و شیرین و خۆ خۆشەویستکردنی، دین و پەیامەکەی لای خەڵکی و گوێگرەکانی خۆشەویست بکات، بە مژدەی دڵخۆشکەر، نەک هەمیشە هەڕەشەی دۆزەخ بکات، بە دینداری ئاسانکردن نەک قورس کردنی، یاخود ئاسانکاری دین بقۆزنەوە بۆ تەممەڵی کردن و پشتوێن شلکردن و پاڵدانەوە.

داعی بەرپرسیارە لەگەیاندنی پەیامی خوا، مادام تۆ دینداری و ئیسلامەتیت قبوڵکردووە، دەبێ ئەوەش بزانیت کە بەشێک لە ئەرکی سەرەکیت کارکردن و بانگەوازو دەعوەیە بۆ ئەو دین و پەیامەی کە هەڵت بژاردووە.

سەرەتا و بەر لە هەر شتێک پێویستە ئەوە بزانین کە جیاوازی گوتاری خوا بۆ بەندەکان لەگەڵ جیاوازی گوتاری مرۆڤەکان - تەنانەت پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لێبێت - بۆ مرۆڤەکانی دیکە، جیاوازییەکی پیشەییەو هەرگیز وەک یەک نین و نابێ وەک یەک بن، کورتەی جیاوازییەکەش ئەوەیە کە: پێویستە خوای گەورە "خوایانە" مامەڵە بکات و گوتار ئاراستەی بەندەکانی بکات، هەروەها پێویستە مرۆڤەکان و پێغەمبەرانیش "مرۆڤانە"و داعیانەو بانگخوازانە گوتار ئاراستە بکەن و پەیامی خۆیان بگەیەنن.

خوای گەورە دەفەرموێ: (قل یا ایها الکافرون) و (قل للمشرکین) و (قل للمنافقین)، بەس ئایا لە کوێ و لە چ شوێنێکی قورئان و ژیانی پێغەمبەراندا بینیومانە و بیستوومانە کە یەکێک لە پێغەمبەران فەرموویێتیان: ئەی کافرەکان؟! ئەی مونافیقەکان؟! ئەی موشریکەکان؟!بەڵکو هەموو پێغەمبەران - سەلامی خوایان لێبێت - چەند وشەیەکی وەک (یا قومی..و.. یا ایهاالناس) یان بەکار هێناوە، ئێستە با بپرسین ئایا ئەگەر پێغەمبەران - سەلامی خوایان لێبێت - بیانووتایە: (قل یا ایها الکافرون و یاایها المشرکین و یا ایها المنافقین) باوەڕ دەکەن کەس ئامادەبووایە گوێیان لێ بگرێت و شوێنیان بکەوتایە؟!

خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە لە سەری بوەستین و لەم بابەتەدا زۆر بە کورتی ئاماژەی بۆ دەکەین و دەیکەینە کۆتایی بابەتەکەمان، ئەوەیە کە: دژایەتی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و بۆچوونە خراپەکان بکەین، نەک دوژمنایەتی خاوەنی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و بۆچوونە خراپەکان، بۆیە پێویستە کە کەسی باوەڕدار بەگشتی و پەیامدار و بانگخواز و داعی بە تایبەتی کە بەو شێوەیە مامەڵە بکات و گوفتار و ڕەفتاری خراپ و ناشیرینی کەسێک وای لێنەکات کە لە لای ناشیرین بێت و بیتۆرێنێت و ئامادەی ئەوە نەبێت کە گوێی لێبگرێت، یان قسەی بۆ بکات، یاخود مامەڵەی لەگەڵدا بکات.